www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 26-6-2007 0:58

# ئاریا ئازادكەن ... هاوارێک بۆ رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران: پاراستنی ژیانی ستافی ئاریا لە ئەستۆی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دایە.

دوای ئەوەی دەستەیەك لەرۆژنامەنووسان كەمپینێكیان بەهاوكاری كوردستان نێت بۆ بەرگری لەدرامای ئاریا پێك هێنا لە لایەن نووسەران ورۆژنامە نووسان و رۆشنبیران پشتیوانییەكی گەورە لەم كەمپینە كرا و ئەم رۆش لەشاری سلێمانی زۆربەی كەناڵەكانی راگەیاندن بەبابەت و بلاوكردنەوەی هەواڵەكە پشتیوای خۆیان بۆدرامای ئاریادەر بری، وە شەقامی كوردی لەكوردستان بەتێكرا ئەم هەولەی كوردسات پرۆتستۆدەكەن. لەم بارەیەوە ئەمرۆ لەشاری سلێمانی دەستەیەك لەرۆژنامەنووسان و كەسانی چالاك لەبواری مەدەنی دا گروپی ئازادییان بۆبەرگریكردن لەدرامای ئاریا پێك هێنا وە. واچاوەروان دەكرێت ئەم گروپە دەست بەكار بكات، بۆ پشتیوانی لەم دراما‌یا. ئەوەی شایەنی باسە ئیسلامیە توندرەوەكانی كوردستان لەكاناڵەكانی خۆیانەوە پیرۆزبای لەیەكدی دەكەن، بۆ سەركەوتنیان بەراگرتنی درامای ئاریا. سایتی كوردستان نویس بابەتێكی خالید رەنجدەری برای مەلاكرێكاری بلاوكردۆتەوە كە تیدا باسی ئەوە دەكات كە بردویانە تەوە و داواش لە كەناڵی كوردسات دەكات كەداوای لێبوردن بكات. ئەمە لەكاتێكدا لەكوردستان واباس دەكرێت مەلا عوزێر كەسەر بە یەگرتوی ئیسلامیە سەردانی مەكتەبی سیاسی (ی ن ك) كردووە و داوای راگرتنی ئەم درا مایەی كردوە.

ئێمە وەك كەمپینی كوردستان نێت داوا لەهەموو رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و تیكرای ماڵپەرە كوردییەكان و ژورەكانی پاڵتاك دەكەین، كە بەیەك دەنگ ئیدانەی راگرتنی درامای ئاریا بكەن و بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە بدەن گروپە ئیسلامیە توندرەوەكان سەر نەكەون ئازادییەكانمان لێ داگیر نەكەن. لێرەشەوە داوا لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران دەكەین، كە فشار بۆسەركردایەتی یەكێتی بهێنن بۆ پاراستنی ژیانی دەرهێنەری ئاریا (هادی مەهدی) و نووسەری درامەكە ئەحمەد رەزا و ئەكتەرانی ناوداری كوردستان عومەر دڵپاك و حكمەت هندی كە لەلایەن كە ناڵەئیسلامیەكانەوە ئیهانەو سوكایەتیان پێدەكرێت.

وە لیرە شەوە بانگەوازتان دەكەین كە نامەی نارەزایەتی بۆكەناڵی كوردسات بنێرن و بەهەررێگایەك كەپیتان دەكرێت لەهەوڵی ئازاد كردنی ئاریدابن لەزیندانەكەی كوردسات چاوەروانی پشتیوانی تانین .

كوردستان نێت
كەمپینی داكۆكی كردن لە درامای ئاریا
Asoahmad2004@yahoo. com
Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.